بەناوی خوداوەندی بەخشندەی میهرەبان

# تێكۆشان

بۆ گەیشتنی گەلی كوردستان بە مافە ڕەواكانی و
ڕووخانی ڕژیمی ئاخوندی و دامەزراندنی حكوومەتێكی دیموكراتی و پاڕلمانی تێدەكۆشین

ئۆرگانی كۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات ی كوردستانی ئێران

دەورەی دووهەم، ساڵی بیست و چوارەم ، ژمارە «١٣٦» ٣٠ی جۆزەردانی ٢٧٠٨ی كوردی، ١٣٨٧ی كۆچی خۆری، ١٩ی ژوئەنی ٢٠٠٨ی زایینی


## هەڕەشەو زۆرهێنانی ڕژیم بۆسەر خەڵك و لاوانی كوردستان

بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی گەیشتوون، ناوەندە ئەمنیەتی و سەربازیەكانی ڕژیمی ئاخوندی هەڕەشەو زۆریان بۆسەر خەڵك پەرە پێداوە و تەنانەت تەلەفوونی ماڵان و تەلەفونی دەستیی خەڵكیان خستووەتە ژێر چاوەدێرییەوە، هەر لەو پێوەندیەدا، ئەگەر كەسێك لە دەرەوەی ئێران پێوەندیی پێوە بكرێ، بانگ دەكرێتە ئیتلاعات و لێپرسینەوەی لەگەڵ دەكرێ. لەلاییێكی دیكەوە ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕژیم لە كوردستان، بەكرێگیراوانی لەژێرناوی پێشمەرگە دەنێرێتە دێهات و كێوەكان و تێ ئێن تییان دەداتێ تا لەسەر ڕێگەی خەڵك داینێن بۆ ئەوەی ناوی پێشمەرگە خراپ بكەن و بە خەیاڵی خۆیان پێشمەرگە بە كوشتنی هاونیشتمانان تاوانبار بن.

## ووتووویێژی ئاشتی لە نێوان سوریە و ئیسرائیل و ئاكامەكانی

ئەوە روونە كە سوریە بەكێكە لە لە سەر سەخت ترین دەوڵەتەكانی عەرەب كە نەیاری ئیسرائیلە و ئەو وەڵاتە بۆتەی پێگەی هێز و لایەنەكانی توندرەوی وەك حیزب اللەی لوبنان و حەماس و جیهادی ئیسلامی، ئەو لایەنانە لە لیستەی ترۆریستی ئەمریكادان و لەلایەن كۆمەڵگەی جیهانیەوە بە سەرچاوەی سەرەكی تێكدانی ئاسایشی ناوچەكە دەناسرێن. لە هەمانكاتدا دەوڵەتی سوریەش بە یەكێك لە پشتیوانانی ترۆریست دەناسرێ و دەسەڵاتێكە پەراوێز خراو و تەریك كەوتووەتەوە لەلایەن كرۆمەڵگەی جیهانیەوە.

بە بوونی ئەو وەزعە و سەرەڕای بارگرژی و ناكۆكی قووڵی نێوان ئیسرائیل و سوریە، زۆرجار هەوڵ دراوە ناكۆكیەكانی نێوانیان بەشێوەی ئاشتیانە و لە ڕێگەی ووتووێژەوە چارە سەر بكرێ.

لە چەند مانگی ڕابردوودا دەوڵەتی توۆركیە بە شێوەییێكی جیدی كەوتوەتە نێوان سوریە و ئیسرائیل تا بەڵكوو بتوانێ كۆتایی بەو ئاڵۆزیە لە ناوچەكەدا بێنێ. كە بە پێی هەواڵەكان هێندێك پێش كەوتنی سەرەتایی بە دیار كەوتوە.

لە ڕابردوودا سوریە داوای ئەوە بوو كە ئیسرائیل بە بێ هیچ مەرجێك بەرزاییەكانی جولان كە لە ساڵی ١٩٦٧ لە دوای شەڕی شەش ڕۆژەی نێوان عەرەبەكان و ئیسرائیل لە لایەن ئیسرائیلەوە داگیركرا، چۆڵ بكا، بەلاّم ئیسرائیل ئامادە نەبوو داوای سوریە جی بە جێ بكا. بەلاّم ئێستا سوریە ئەو شەرەتەی وەك سەرەتاییێك بۆ دەست پێ كردنی ووتووێژەكان دیاری نەكردوە. هەر چەند چۆڵ كردنی بەرزاییەكانی جولان كە خاكی سوریە یە، سەرەكیترین داوای سوریەیە بۆ كۆتایی هێنان بە ئاڵۆزی و كێشە لەگەڵ ئیسرائیل.

ئاشكرایە دەسەلاّتدارانی ڕژیمی ئاخوندی لە بوونی ووتوویێژ لە نێوان ئیسرائیل و سوریە نیگەرانن و هەر بە بلاّوبوونەوەی هەواڵی ووتوویێژی نێوان ئەو دوو وەلاّتە، كێچ كەوتە كەوڵی ئاخوندانی دەسەلاّتداری ئێران و بە تاردنی چەند هیئەت بۆ سوریە و پێ دانی ئیمتیازی زیاتر هەوڵیان دا سوریە لە ووتووێژ كردن لەگەڵ ئیسرائیل پەشیمان كەنەوە.

محەممەد نەجار وەزیری دیفاعی ڕژیم سەردانی سوریەی كرد و، بە پەلە رێكەوتنی ئەمنیەتی لەگەڵ هاوتا سوریەكەی ئیمزا كرد و رایگەیاند سوریە هاوپەیمانییێكی ئیستراتژیكی ئێرانە.

ئەگەر چی بەشار ئەسەد سەرۆك كۆماری سوریە رایگەیاندوە سوریە ئامادە نیە پێوەندییەكانیان لەگەڵ رژیم كۆتایی پێ بێنێ، بەلاّم لە دنیای سیاسەتدا قسە شتێكە و كردەوە شتێكی دیكە.

قسەی تێدا نیە كە ئەگەر ئیسرائیل بەرزاییەكانی جولان بداتەوە بە سوریە، كە لە لێدوانەكانی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل ئەوە ڕاگەێندراوە كە ئیسرائیل لە بەرانبەر ئاشتی بەرزاییەكانی جولان دەداتەوە بە سوریە. لە هەمان كاتدا ئەگەر وەلاّتانی عەرەب بەڵینی بدەن هاوكاریی مادی و ئابووری سوریە بكەن، ئەو كات زۆر زەحمەت دەبێ سوریە وەك ڕابردوو هاوپەیمانی ڕژیمی ئاخوندی بمێنێتەوە.

لەلاییێكی دیكەوە رێكەوتنی ئاشتی بۆ سوریە زۆر حەیاتیە و دەبێتە هۆی گەشە سەندنی ئابووری و دامەزراوی و پێشكەوتن ئاشكرایە بەو وەزعەكەی ئێستا سوریە هەیەتی هیچ كات پێش كەوتن و دامەزراوی بە خۆوە نابینێ و خەڵكی ئەو وەلاّتەش دڵیان بە داهاتوویان خۆش نابێ.

لە دوای هاتنەدیی ئاشتی ڕووداوێكی دیكەش كە بۆ سوریە زۆر گرینگە ئەوەیە كە ئەو وەلاّتە وەك ڕابردوو لەلایەن وەلاّتانی ڕۆژئاوا و كۆمەڵگەی جیهانی تەریك ناخرێتەوە و، لەوانەیە لە لیستەی رەشی ئەمریكاش دەر بهاوێژرێ.

لێرەدا بەو ئاكامە دەگەین كە رژیمی ئاخوندی و دەسەلاّتداران سەرمایە دانان و پشت بەستنیان لە سەر رژیمی سوریە و هاوكاری بەردەوامی ئەو رژیمە لەگەڵیان بەخەسار دەچێ و ئاكامی ئەو سەرمایە دانانە تەنیا مایەفەوتاوی رژیمی ئاخوندی و بە فیرۆدانی سەرمایەی نەتەوەیی خەڵكی ئێرانی بە دواوە دەبێ.

هەموو دەزانن سوریەی بە ناو هاوپەیمانی رژیمی ئاخوندی، پشتیوانی لە ئەماراتی یەككگرتووی عەرەبی دەكا لە خاوەنداری بە سەر سێ جەزیرەی تومبی بچوك و گەورە و ئەبوموسا بۆیە دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بین ڕۆژێك ئیسرائیل دۆست و نزیكی سوریە بێ و رژیمی ئاخوندیش نەیار و دژمنی.

***

## ٨٠٠ جار نارەزایەتی لەمانگی بانەمەڕدا لە دژی ڕژیم



بەپێی سەرژمێرێكی تۆماركراولەبانەمەڕی ئەم ساڵدا: كرێكاران، مامۆستایان، خوێندكاران ،زیندانیەسیاسیەكان، باقی توێژەكانی كۆمەڵگای ئێران زیاتر لە ٨٠٠ جار مانگرتن وگوشەگرتن و تەزاهورات وكۆبوونەوەی نارەزایەتی لە دژی ڕژێمی ئاخوندی وسیاسەتەكانیان بەرێوەبردووە كە لە زۆریاندا لەگەڵ هێزەكانی ڕژێم بەتوندی بە ڕەوبەڕووبونەوە. تەزاهوراتی خەڵكی ئەیوانی غەربی ئیلام لەپێش هەمویانەوەبوەكەتێیدا چەندین كەس بریندار و شەهیدبوون و چەندین ناوەندوبانكی ڕژێم زیانیان پێگەیشت،هاوكات ،كارخانەكان،سەركی ترین شوێنی ڕابوون بوون، هەزاران كرێكار لەڕۆژەكانی ١١-١٢ی بانەمەڕ مەراسیمی بەرزڕاگرتنی ڕۆژی جیهانی كرێكارانیان گرت، بەتەزاوهورات لەدژی ڕژێم. تاران، ئیسفەهان، ڕەشت، سمنان ،حەوتەپە، قوم، قەزوین، سنە، كرماشان، بجنورد و زۆرێك لەشارەكانی دیكەی ئێران و كوردستان لەومانگەدا ، تەزاهورات كرا وكۆبوونەوەی نارەزایەتی كرێكاری گێرا. یەكێك لەگرینگترین نارەزایەتەكانی بانەمەڕ ،تەزاهوراتی زیاتر لە ٥٠٠كرێكاری كارخانەكانی نەیشەكەری حەوتەپەی خۆزستان بوو.كرێكاران لەگەڵ خانەوادەكانیان چەندین جار ڕێگای ترانزیتی ئەهوازوئەندیمێشك یان داخست ولەگەڵ هێزەدژەخەڵكیەكان تێك گیران، خوێندكارانی ڕاپەریویش زیاترلە٥٠جوڵەی نارەزایەتییان لەدژی ڕژێم بەڕیوەبردوە. مانگرتن لەخواردنی خوێندكارانی زانستگای سەهەندی تەوریزلەگرینگترین جوڵەكانی خوێندكاران بوو لەدژی ڕژێم، خوێندكارانی زانستگای سەهەند شیعاریان دەدا ودەیان گوت.ئەی سەركوتگەرەكان لێتان توورەین. ئێمە ژن وپیاوی شەڕین،شەڕبكەن تاشەڕبكەین ،ڕادەوەستین دەخوێنین تاسەركەوتن دەبینین ،ئەگەر فیشەك وفیتنەش ببارێ ،جوڵانەوە درێژەی دەبێت.ڕۆژی ٢٦ی بانەمەڕ خوێندكارانی زانكۆی تاران بەدانی شیعاری مردن بۆدیكتاتۆران، كۆبوونەوەو قسەكردنی یەكێك لەمۆرەكانی سوپای پاسدارانی ڕژێمیان بەناوی حەسەنی عەباسی تێك دا، خوێندكارانی زانستگای لورستان بەبۆنەی مردنی كچێك بەهۆی بەرقەوە، تەزاهوراتیان كرد. زیندانەسیاسیەكان بەمانگرتن لەخواردن سەربارەت بەرەفتاری دژەمرۆیانەی هێزەكانی ڕژێم، نارەزایەتیان دەربری. لە دوایین ڕۆژەكانی بانەمەڕ، بەبۆنەی وەڕێ خستنی پێشبڕكێی فوتباڵی پریس پولیس و سپاهانی ئیسفەهان، لاوانی تۆرە لە ڕژێم،نارەزایەتیان دەربری.

## ئاگاداری نوێی ڕێبەرانی ئەمریكا و بریتانیا بۆ ڕژیمی ئاخوندی



گوردون براون سەرۆك وەزیری ئینگلستان هەواڵی دەست پێ كردنی ئابلۆقەی نوێ لەبەرانبەر بەشی نەوت و گاز و بانكەكانی ڕژیمی ئێرانی ڕاگەیاند. سەرۆك وەزیری ئینگلستان ئەو بڕیارەی لە دوای كۆبوونەوە لەگەڵ جۆرج بووشی سەرۆك كۆماری ئەمریكا كە سەردانی ئینگلستانی كردوە ڕاگەیاند. سەرۆك وەزیری ئینگلستان گوتی: ئابلۆقەكان لە سەر گاز و نەوتی ڕژیمی ئێران لە ئێستاوە دەستی پێ كردوە. ناوبراو لە مەڕ كۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی ئوروپا لە لەگزامبورگ گوتی هێندێك كار كراوە بۆ ئەوەی دارایی بانكی میللی، گەورەترین بانكی ڕژیمی ئێران لە دەرەوەی ئێران ڕاگیرێ. هەروەها جۆرج بووش لە كۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی ئینگلستان گوتی: كۆمەڵگەی جیهانی ڕێگە نادات ڕژیمی ئێران ببێتە خاوەنی بۆمبی ئەتۆمی.



## ١١٤ لاو لە ئێران چاوەڕێی ئێعدامن

ڕێكخراوێكی لایەنگری مافی مرۆڤ لە ئێران دەڵێ: لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا دەزگای قەزایی ڕژیمی ئێران ١٧٧ حوكمی ئێعدامی بۆ لاوانی ژێر ١٨ ساڵ دەركردوە كە لە سەر ٣٤ كەس بەرێوەبراوە و ١١٤ كەسی دیكە چاوەڕێی بەرێوەبردنی ئەو حوكمەن.

كەمپەینی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ لە ئێران، رۆژی سێ شەممە ٢٨ی جۆزەردان لە ڕاگەیێندراوێكدا ناوی ١١٤ كەس لەو لاوانەی حوكمی ئێعدامیان بۆ دەرچووە، ڕاگەیاندوە كە كەم تەمەنەكەیان ١٢ ساڵە بە ناوی ئەحمەد نەورۆزی، كە سێ ساڵ پێش ئێستا لە سیستان و بەلوچستان بە ئێعدام مەحكوم بووە.

ئاروند رهودز، ووتەبێژی كەمپەینی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ لە ئێران، لە ویەن بە هەەواڵنێری ئاسوشیتدپرسی گووت: ئەو كەمپەینە داوای لە كەمەڵگەی نێونەتەوەیی كردوە تا بۆ لابردنی حوكمی ئێعدام فشار بخەنە سەر رژیمی ئێران.

ناوبراو هەروەها گووتی: زۆربەی ئەو حوكمانە بە زۆری ئازار و شكەنجە و لە كاتێكدا كە ئەو كەسانە وەكیلیان نەبووە، دەرچوون.

## لێبوردنی نێونەتەوەیی ئێعدام كردنی لاوێكی ١٧ ساڵەی كوردی مەحكوم كرد

ڕێكخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە ڕاگەیێندراوێكدا ئێعدامی محەممەد حەسەن زادەی كە ١٧ ساڵی تەمەن بوو مەحكوم كرد. ئەو لاوە لەگەڵ كەسێكی تەمەن ٦٠ ساڵ بە ناوی رەحیم پاش ئابادی، بە تاوانی كوشتن لە زیندانی سنە لە سێدارە درا.

ڕێكخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی ئێعدامی ئەو لاوە ١٧ ساڵەی بە پێشێل كاری پەیمان نامە نێونەتەوەییەكان و دژ بە كونوانسیونی نیونەتەوەیی مافی منداڵان ناوبردوە، كە ئێعدامی تاوانبارانی ژێر ١٨ ساڵی قەدەغە كردوە.

ڕێكخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لەو ڕاگەیێندراوەی خۆی دا دەڵێ: بەلانی كەمەوە ٨٥ لاو لە ئێران لە مەترسی ئێعدام كردندان و داوای لە بەرپرسانی رژیمی ئێران كردوە تا دەركردنی حوكمی ئێعدام بۆ لاوان و بەرێوەبردنی ئەو شێوە حوكمانە ڕاگرن.



دامەزراندنی بنكەی سەربازی ناتۆ لە توركەمنستان پەیامێكی جیددیە ل٢......



ڕۆژی جیهانیی منداڵان ل٥



بەسەرۆكایەتی لاریجانی لەمەجلیسی ڕژیم ناكۆكیەكانی باڵەكانی ڕژیم پەرە دەستێنێ ل٥



پەرەگرتنی ئێعدام و سەركوت لە ئێران نیشانەی داماوی دەسەلاّتی ئاخوندیە ل٧

تا ستەمم لەسەرە ڕێی خەباتم لەبەرە